# "ل هەری ژۆرێ"

- بەرهەمە کەموێنەکەی هونەرگەها وەلات بە مووسیقای مەحموود بەرازی.

https://www.youtube.com/watch?v=VlHuQrM٨٩Zs




هونەرێکی کەموێنەی تێکەڵ بە شانۆ و مۆسیقا و گۆرانی لە ناخی بە هونەر ئاخندراوی تاکی هونەرمەندی کوردەوە، پاڵێوراو لە جێ چنجرووکی داگیرکەر و بیانی، وەکوو ئاوی روونی کانیاوێک لەسەر جەستەی خۆماڵی هەڵقوڵیوە. بێبەری لە فەرهەنگی داتلیشاو و ڕیشالەوەبووی دوژمن، دەستی من و تۆیەکان لە گۆڕەپانی ژین و شەڕدا گرێدراونەتەوە.

ئەم پێشکەشکارییە چیرۆکی بەردە داتاشراوەکانی سەر شاخە بەردینەکانی کوردستانی پێیە، هێمایەکە بۆ پاشماوە دێرینەکانی حەسەن کێف و گرێ مرازان و بێستانسوور و شاخی نەمروود و بێستوون و چۆغا زەنبیلی ئیلام و کەرەفتوو و قەڵایچی و هەگبەتانە و زیگۆریتەکانی سومێر و ئیلام و هتد. هاودەنگ و هاوچیرۆکی بەیت و حەیران و هۆرە و لاوک و قەسیدەکانی ئەم نیشتمانەیە. دەتهەژێنێ و سرت دەکا و زەردەخەنەت دەخاتە سەر لێوان.

چیرۆکی شەڕ و خۆپاراستن و ئازایەتی و خۆبەدەستەوەنەدان دەگێڕێتەوە و سەرچۆپی کێشی هێمنایەتی و ئاشتی خوازیشە. هونەرێک لە ڕۆژئاواوە بەرەو باکوور شۆڕ دەبێتەوە و لە باشوور جێ پەنجە جێ دەهێڵێ و لە ڕۆژهەڵات یەکدەگرنەوە و دیسان ئەو دەست ئەو دەست دەکا و ڕەسەنایەتی لە چوار سووچی ئەم ئاخە پردەستکەوتە بەسەردەکاتەوە. هونەرێکی خەوتوو دوای دەیان ساڵ ژێردەستەیی ئاوا لەدایک دەبێتەوە و پاش سەدەیەک دابڕان دیسان لە ناخی تاکەکانی ئەم نیشتمانەوە دەپشکوێتەوە و وێژە و شانۆ و مۆسیقا لەیەک گرێدەداتەوە و جارێکی تر نەخشێکی ڕەسەنی تر بۆ لاپەڕەکانی مێژووی ئەم نەتەوەیە جێدەهێڵێ.

خەڵکێک لە داگیرکراویدا خوڵقێنەری هونەرێکی ئاوا بێ، دەیسەلمێنێ کە خاوەنی ڕابردوویەکی بەشکۆیە کە لێی زەوت کراوە. نەتەوەیەک هونەری ئاوای لە ناخیدا حەشار دابێ، پاش دەیان جاری تر کۆمەڵکوژی و قڕکردن و کۆچ پێکردن و دابڕاندن و دابەشکردن، دیسان و دیسان هەر سەرهەڵدەداتەوە.

April ٢٩, ٢٠٢٣

بەیان فەڕشی